# سایمن هیوز ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا
# پشتیوانی لەخواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان دەکات

ئەمرۆ وەفدیکی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان کە پێك هاتبوو لە(نادیە محمود، دەشتی جەمال) لەدیداریکی دووسەعاتەدا، چاویان کەوت بە بەریز سایمن هیوز ئەندامای پەرلەمانی بەریتانیا. لەم چاوپێکەوتنەدا وەفدی کەمپین لەبارەی بارودۆخەکانی ئیستای عیراق و کوردستان و کیشەی خەڵکی کوردستان قسەوباسیان کرد وتیایدا ئاماژەیان بەوەدا کەخەڵکی کوردستان بەدریژایی دەسەلاتی رەشی رژیمی بەعس گیرۆدەی بیٚ ماف وسەرکوت بووەن. وەبەوهۆیەوە کەخەلکی کورد بەهاولاتی پلەدوو لەقانوون ودەستوری عیراقیدا بەحساب هینراوە، لەگەل ستەمی نەتەوایەتی و شەرو کوشتارو اعدام وئەنفال و راگواستن وکیمیاباران بەرەورووکراونەتەوە. وە بەدوای رووخانی رژیمی بەعسدا ولەکاتیکدا کە فرسەتی ئەوە بۆخەلکی عیراق و کوردستان هاتە کایەوە کەئیتر لەبنەرەتەوە چارەسەری کیشەی قەومی لەعیراقدا بکری، ئەمریکاو ئەحزابی قەومی وئیسلامی هاوپەیمانی، بۆلەباربردنی ئەم فرسەتە کەوتنە هەولی دانانی قانوون و یاسایەکی کاتی لەسەر بناغەی ناسنامەی قەومی وئاینی وبەرەسمیت ناسینی عیراق وەك بەشیك لەنیشتمانی عەرەبی ودانانی ئاینی ئیسلام بە دینی رەسمی ولات. بەم هۆیەشەوە ولەچەند مانگی رابردودا لەلایەن یاوەر و سیستانی و لایەنە قومیوئیسلامییەکانەوە، چەندین جار هەرەشە لەخەلکی کوردستان کراوە کەنابی داوای جیابوونەوە وبەرپاکردنی ریفراندۆمیك بکەن. ئەوەی مەترسیدارە لەم بارودۆخانەشدا رولی هەردو حیزبی دەسەلاتداری کوردستانە، واتە یەکیتی وپارتی کەخۆیان وەك بەشیك لەدەسەلاتی کاتی خەریکی رشتنی تۆی دووبەرەکی وهەلگیرساندنی شەری قەومین ودەیانەویت خەڵکی کوردستان بە چاو بەستراوی بگیرنەوە نیو باوەشی حکومەتی مەرکەزی کە بۆ ماوەی 13 ساڵە کوردستان بەکردەوە سەربەخۆبووە لەدەسەلاتی مەرکەزی.

پاشان وەفدی کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەسەر کارو چالاکیەکانی خۆی لەپەیوەند بەبارودۆخی حساسی ئیستای کوردستان و مەسەلەی هەلبژاردنەکانی عیراقەوە قسەباسی کرد و داوایان لەبەریز سایمون هیوز کرد کە پشتیوانی خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم پیش هەلبژاردن بکا و ئەم داوایەش وەك ریگاچارەیەك بۆ بەرگرتن بەئیلحاق کردنەوەی کوردستان تەئید بکات. شایانی باسە لەئەنجامی ئەم قسەوباسانەدا  سایمەن هیۆز راگەیاند کەنامەی تایبەتی لەسەر ئەم بارودۆخە ئاراستەی کۆفی ئەنان  سکرتیری نەتەوەیەکگرتووەکان دەکاو تاکیدی کرد کەجیگیرکردنی مافی خەڵکی کوردستان بۆ رفراندۆم وەك مافیکی شەرعی لەقانوونی ویاسای تازەی عیراقی دا پشتیوانی لیدەکا. هاوکات بەریزیان رۆژی 25-1 ی دیاریکرد بۆسازدانی کۆبوونەوەیەك لەگەل کەسایەتییە ناودارەکانی بریتانیا لە نیو هۆلی پەرلەماندا  بۆبەرپرسیارانی کەمپینی رفراندۆم تائەوەی ئامانج و مەبەستەکانی ئەم کەمپینە لەسەر ریگای خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم وجیابوونەوەی کوردستان، بخاتە بەردەم پەرلەمانی بریتانیا...

**کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردستان**

2004-1-12